# ماکس ڤێبەر و شیکردنەوەی چەمکی کۆمەڵگا (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

عابد زكری[1]
پ.ی.د.مراد حكيم محمد[2] پ.ی.د.شهلاء ولی جبار[3]
[1-2-3] بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

**پوختە:**

ماکس ڤێبەر یەکێکە لە کۆمەڵناسە کلاسیکە گرنگەکان، کە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵناسی و هزری ئەخلاقی و سیاسی هاوچەرخیشدا ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە. ڤێبەر وەک مارکس ڕەخنە لە سستمی سەرمایەداری مۆدێرن دەگرێت، بەڵام ڤێبەر گۆڕانی قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلەی کۆمەڵگا، لە گۆڕانی رادیکاڵ و شۆرەشگێرانە بە باشتر دەزانێت، بەوەش دەکەوێتە ئاراستەی بەرامبەر مارکس. ڤێبەر شێوازی دابەشبوونی هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، بە بنەمای ناکۆکی کۆمەڵایەتی دەزانێت. لەو باوەڕەدایە هەموو کۆمەڵگایەک بە سێ قۆناغی یەک لە دوای یەکدا تێپەر دەبێت، ئەوانیش: کاریزمایی، نەریتی و ئەقڵانی. مێژووی هەموو کۆمەڵگایەکان بەپێویست دەبێت ئەو قۆناغە تایبەتانەی بڕبێت تاکو بتوانێت جەوهەر و روحی تاکانەی مێژوویی هەر کۆمەڵگایەک وەک ناسنامەی مێژوویی پیشانبدات. لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر باسەکانی کردەی کۆمەڵایەتی، ئایین، دەسەڵات و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە روانگەی ماکس ڤێبەرەوە. لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: ڤێبەر جەختی کردۆتە سەر تاک، بۆیە ڕەفتاری تاکەکەسی وەک یەکەیەکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێت، ئەو پێیوایە سێ کردەی نەریتی و سۆزداری و بەهایی لە جیهانی ئەمڕۆدا بەرەو لای کردەی ئەقڵانی هەنگاو دەنێن. ڤێبەر ئایین بە هیوایەک دەزانێت بۆ چارەسەری کێشەکان و وەڵامێکی مانادارە بۆ جیهانێکی بێ مانا. سەبارەت بە هێز و دەسەڵات ڤێبەر پێی وایە بنەمای هێز و دەسەڵات جیا لە بابەتەکانی ئابووری ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی دیکەی هەیە کە خۆی لە دەسەڵاتی (کاریزمایی و نەریتی و ئەقڵانی) دا دەبینێتەوە. سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێکانیان، ڤێبەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتی لە یەک هۆکاردا (ئابووری) کورت ناکاتەوە، هەروەها ململانێی چینایەتی لە نێوان نەوەکانی یەک چیندا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات روودەدات.

**کلیلە وشەکان:** کۆمەڵگا، کردەی کۆمەڵایەتی، ئایین، چینی کۆمەڵایەتی، دەسەڵآت..

## پێشەکی:

کۆمەڵناسان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی روونیبکەنەوە بۆچی، چۆن و لە چ بارودۆخێکدا کۆمەڵێک دیاردەی دیاریکراو روودەدەن یان روونادەن، بۆ ئەم کارەشیان ئەوان سوود لە تیۆر وەردەگرن. واتە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵناسی تیۆرەکانیەتی کە بیروڕا و ڕێباز و قوتابخانە و بوارە پسپۆرییەکانی لەسەر دادەمەزرێن، بۆیە لە پێناسەی تیۆری کۆمەڵایەتیدا دەتوانین بڵێین بریتییە لە کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەست بە شێوەیەکی گونجاو کە بایەخ بە شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیارکراو دەدات کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو تێبینی دەکرێت.

*ئەمە توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە نامەی ماستەری قوتابی (عابد زكری) بەناونیشانی (کۆمەڵگا لە روانگەی کۆمەڵناسانی کلاسیکەوە: مارکس، دورکهایم، ڤێبەر و زیمڵ) بەسەر پەرشتی: پ.ی.د.مراد حكيم محمد، پ.ی.د.شهلاء ولی جبار، کە لە بەشی کۆمەڵناسی/کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەڵاحەدین ئەنجامدراوە وەک یەکێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر بەر لە گفتوگۆکردن.

چەمکی کۆمەڵگا یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکا ن بەگشتی و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی. ئەم چەمکە بە زەحمەت دەخرێتە چواچێوەیەک و لە پێناسیەکدا لە قالب دەدرێت، چونکە دەکرێ ئاماژە بکەین بەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە بەردەوام بە سەر کۆمەڵگادا دێت، هەروەها بەهۆی ئەو ئاراستە هزری و ئایدیۆلۆژیانەی لە کۆمەڵناسیدا هەن و زۆر جار ناکۆک و دژیەکن

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 نوڤمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

له ڕاڤەی ماهییەتی کۆمەڵگادا، یان دەکرێت ئاماژە بە جۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان بکەین لەو کۆمەڵە خەڵکەوە بگرە کە بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی دەژین تا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە چوراچێوەی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و دەوڵەتێکی پێشکەوتوودا دەژین، بۆیە جیاوازی ئەم کۆمەڵگایانە و فرەجۆرییان وادەکات پێناسەی جۆراو جۆر بۆ کۆمەڵگا بخرێنەڕوو. بۆیە ڕەنگە نەتوانرێ پێناسەیەکی گشتگیر، کە هەمووان لەسەری کۆک بن بۆ کۆمەڵگا پێشکەش بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە ڕێگر نییە لەوەی پێناسەی کۆمەڵگا بکرێت. لە پێناسەیەکدا کە تاڕادەیەک پێناسەیەکی گشتگیرە و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگا تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. دەکرێ بڵێین کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵەیەکی تاڕادەیەک گەورەی مرۆڤ، لە دۆخێکی پەیوەندیی و پێگەیشتنی بەردەوامدان و دان بە شەرعیەتی هاوبەشیاندا دەنرێت، لە کۆمەڵێک بواردا پارێزگاری لە بەردەوامی خۆیان دەکەن لە ڕێگەی وەچەخستنەوە بە پێی یاسا و ڕێسای خزمایەتی (لابورت و فارنیة، ٢٠٠٤: ١٥).

کۆمەڵناسانی سەرەتا و پێش ئەوانیش فەیلەسۆفەکان هەوڵیانداوە لە کۆمەڵگا تێبگەن و شیبکەنەوە. ماکس ڤێبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) یەکێکە لە تیۆرەوانانی کۆمەڵناسی کە کۆمەڵگا، پێکهاتەکانی کۆمەڵگا شێوەوەرگرتنی جێگەی بایەخی بووە. ڤێبەر لە گرنگترین ئەو تیۆرەوانانەیە کە بە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی لەقەڵەم دەدرێن، بیرکردنەوەکانی ئەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی هەبووە. ڤێبەر بڕوای بە شیکردنەوەی تاک فاکتەری نەبووە، لەبری ئەوە جەختی کردووەتەوە لەسەر شیکردنەوەی چەند فاکتەری. ڤێبەر وەکو زۆرێک لە بیرمەندانی سەردەمی خۆی، بە دوای چییەتی و هۆیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕا و پێیوابوو ڕاستە هۆکارە ئابوورییەکان گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام هزرو بیر و بەهاکانیش هێندەی ئابووری بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کاریگەرییان هەیە. ڤێبەر پێیوایە کۆمەڵناس پێویستە جەختبکاتە سەر کردەی کۆمەڵایەتی و هەوڵەکانی لەو بارەیەوە چڕ بکاتەوە، هۆی ئەم بیکرنەوەی ئەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بیروباوەڕ و بەهاکان توانای گۆڕانکارییان هەیە، بۆیە تاکەکان لە کۆمەڵگادا دەتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن و داهاتوویان بنیات بنێن. ڤێبەر، لەگەڵ ئەو بیروڕایەی مارکس و دۆرکایم هاوڕا نەبوو کە پێیانوابوو، بوونیادەکان لە دەرەوەی تاکەکان بوونیان هەیە، بەڵکو بە شێوەیەک بیری دەکردەوە کە بونیادەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای کردەو هەڵچونی ئاڵوزەوە شێوە دەگرن، بۆیە ئەرکی کۆمەڵناسیە کە لە مانا شاراوەکانی پشت ئەم کردانە تێبگات.

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تێگەیشتنی ڤێبەر بۆ کۆمەڵگا چییە؟ ئەو چەمکە کلیلیانەی ڤێبەر بەکاریهێناون بۆ قاڵبوونەوە لە کۆمەڵگا و دەستنیشانکردنی چوارچێوەکەی کامانەن؟ بەوپێیەی ڤێبەر یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی سەرنجی وردی خستۆتە سەر کۆمەڵگا و یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتیش بۆچوونەکانی دەربارەی ئابووری و کۆمەڵگا، ئایین یان پرۆتستانتیزم و ڕوحی سەرمایەداری، تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاشنامان دەکات بە بیروبۆچوونی گەورە کۆمەڵناسێک کە کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵناسی مۆدێرن و تیۆرە هاوچەرخەکان دیارن. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی تێگەیشتنی ماکس ڤێبەر بۆ کۆمەڵگا و دەرخستنی و تیشکخستنە سەر چەمکە گرێدراوەکانی تیۆرەکەی ڤێبەر بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگا وەک کردەی کۆمەڵایەتی، ئایین، دەسەڵات و سیاسەت.

بەمپێیە میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی شیکاری، لەبەر ئەوەی وەک لە ئامانجەکان دەستنیشانکراوە، ئەم توێژینەوەی هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و قوڵبوونەوە لە چەمکی کۆمەڵگا، بۆیە باشترین میتۆد لەمبارەیەوە میتۆدی شیکارییە.

## یەکەم: کۆمەڵگا و کردەی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی ڤێبەرەوە

### کردەی کۆمەڵایەتی لای ڤێبەر

ڤێبەر پێیوایە کۆمەڵناس پێویستە جەختبکاتە سەر کردەی کۆمەڵایەتی و هەوڵەکانی لەو بارەیەوە چڕ بکاتەوە، هۆی ئەم بیکرنەوەی ئەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بیروباوەڕ و بەهاکان توانای گۆڕانکارییان هەیە، بۆیە تاکەکان لە کۆمەڵگادا دەتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن و داهاتوویان بنیات بنێن. ڤێبەر، لەگەڵ ئەو بیروڕایەی مارکس و دۆرکایم هاوڕا نەبوو کە پێیانوابوو، بوونیادەکان لە دەرەوەی تاکەکان بوونیان هەیە، بەڵکو بە شێوەیەک بیری دەکردەوە کە بونیادەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای کردەو هەڵچونی ئاڵوزەوە شێوە دەگرن، بۆیە ئەرکی کۆمەڵناسیە کە لە مانا شاراوەکانی پشت ئەم کردانە تێبگات (گیدنز، ٢٠٠٧: ٢١).

لە کۆمەڵناسی ڤێبەردا تاک ڕۆڵی بونیادی هەیە و لە لێکدانەوەشدا پێگەی دیارە، ئەم گرنگیدانەی ڤێبەر بە تاک، لە کۆمەڵناسی و تەنانەت لە لێکدانەوەی پرسەکاندا کاریگەری زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، واتە کۆمەڵگا (ماهییەت) جەوهەرێکی جیاوازی لە تاک نییە، بەڵکۆ چەقی هزری ڤیبەر لە بارەی کۆمەڵگاوە، بریتییە لە کردەی ماناداری تاک. بە ڕای ڤێبەر ڕەفتاری مانادار یان کردەی کۆمەڵایەتی، کردەیەکە کە بە پێی ئەو مانایەی ئەوانی دیکە پێیدەبەخشن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە ڕێ نیشاندەری بن بۆ بەرەو پێشچوونی (جمشیدیها، ٢٠٠٨: ١٤٥). مەبەستی ڤێبەر لە "کردەی کۆمەڵایەتی" هەموو ئەو جووڵە و چالاکییە مەبەستدارانەی مروڤ دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی مانادار لە ئێستا و ڕابردوو و داهاتوودا ئاراستەی ڕەفتاری ئەوانی دیکە دەکرێ، بە لەبەرچاوگرتنی بوونی تاکەکانی دیکە (گیدنز،٢٠١٦ :٢٨٩).

ڤێبەر کۆمەڵناسی بە زانستی هەمە لایەنەی کردەی کۆمەڵایەتی دەزانێت و لێکدانەوەی ڤێبەر بۆ کۆمەڵگا بە مانای تاووتوێکردنی کردەی کۆمەڵایەتی مروڤەکان بووە، واتە مانایەکی زەینی و دیاریکراو بە کردەوەکان دەبەخشێت. بۆیە لە پێناسەی کردەدا ڤێبەر دەڵێت" بریتییە لە تەواوی ڕەفتارە مرۆییەکان کە لە نێویدا تاکی بکەر مانای زەینی بە ڕەفتارەکانی دەبەخشێت ( Ritzer and Stepnisky, 2017: 185). هەروەها ئەو لەو باوەڕەدایە ئەوە کردەی مروڤە مانای زەینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو جۆرە کردەیەش یان دەرەکییە یانیش بە تەواوی ناوەکییە (وبر، ٢٠٠٥: ٢٥).

واتە ڤێبەر ڕەفتاری تاکەکەسی وەک یەکەیەکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێت، بەو پێیە تاکەکان درک و مانای زەینی تایبەت و جیاوازیان لەبارەی کردەی ئاڵۆزو دژواری کۆمەڵایەتی هەیە (دیلانی، ٢٠١٦: ٤٠٩-٤١٠). ڤێبەر تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ ڕەفتارو کردە، ئەو دەڵێت: هەرچەندە -ڕەفتار و کردە- هەردووکیان لەو هەڵسوکەوتەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕۆژانە مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدەن، بەڵام ڕەفتار هەڵسوکەتێکی بێمانایە، کە مرۆڤەکان بەبێ بیرکردنەوە یان بە بیرکردنەوەیەکی کەم ئەنجامیدەدەن. هەرچی کردەیە لە روانگەی ڤێبەرەوە، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی هوشیارانەوە ئەنجام دەدرێت. ڤێبەر جەختی لە کردە کردووەتەوە، واتە مرۆڤەکان کردەی مانادار ئەنجام دەدەن (کرایب، ٢٠١٦ : ٩٦). بە ڕای ڤێبەر کردەی

کۆمەڵایەتی پشت بە سێ پێوەری سەرەکی دەبەستێت، ئەوانیش(فیبر، ۲۰۱۰: ۳٥):

1. بوونی دوو کەس یان زیاتر کە لە کارلێکدان، بەمەش ئەو ڕەفتارە یان ئەو کردەیە پێکدەهێنن کە دەمانەوێت لە هەمان شوێن توێژینەوە ئەنجام بدەین.
2. ئەو تاکانە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی یەکسان یاخود جیاواز بگێڕن کاتێک کردەکە ئەنجام دەدەن.
3. بوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە هاوکاتە لەگەڵ پرۆسەی کردەکە.

ڤیبەر پێیوایە ڕەفتاری تاک بەپێی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی و ئەو ڕۆڵە ئەرکییەی هەیەتی، کارلێک دەکات. ئەم ڕەفتارەش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕەفتاری منداڵێک لەگەڵ برای بچووکی جیاوازە لە ڕەفتاری هەمان منداڵ بەرامبەر بە باوکی. کەواتە دەتوانین بەهۆی زانینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکەوە پێشبینی ڕەفتارەکەی بکەین. دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری سەربازێک بکەین بەهۆی زانینی ڕۆڵەکەیەوە. مەبەستی ڤیبەر لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئەو فاکتەرانەیە کە دەبنە پاڵنەری ڕەفتارو جۆرە سەرەکییەکانی. لەوانەیە هۆکاری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەست و سۆز یان هەڵچوون یانیش دابونەریتی کۆمەڵایەتی یاخود ئەقڵ و لۆژیک و زیرەکی بێت (ئەلحەسەن،۲۰۱۸: ۳۲٦-۳۲۷). ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای ڤیبەر هەمان گرنگیان نییە، بۆیە ڤیبەر لە بەدواداچوونەکانیدا لەبارەی کردەی کۆمەڵایەتی مانادار، بە پێی فاکتەر یاخود پاڵنەرەکانی کردەکە، بەسەر چوار جۆری سەرەکیدا دابەشی دەکات (فروند، ۲۰۰٤: ۹۹؛ کرایب،۲۰۰٦، ۹۸). ئەو پێوەرەی کە ئەو چوار جۆرە کردەیە لە یەکتر جیادەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوسەنگییەی لە نێوان هۆ و ئامانجدا هەیە، هەر جۆرە ڕەفتارێک بەرەو ئاراستەی ئەو جۆرە هاوسەنگییە دەبێت(جمشیدیها، ۱۳۸۷: ۱٥۰). جۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی بریتیین لە: کردەی ئەقڵانی ئامانجدار، کردەی ئەقڵانی بە ئاراستەی بەها، کردەی سۆزداری و کردەی نەریتی.

### 1. کردەی کۆمەڵایەتی سۆزداری

ئەو جوڵە و چالاکییەیە کە ڕۆڵگێر ئەنجامی دەدات، کاتێک ئامانجەکەی نائەخلاقی و نائەقڵانی بێت، هەروەها ڕۆڵگێر دەیەوێت خواست و پێداویستییە ئاژەڵیەکانی تێر بکات. بەهۆی ئەم جۆرە کردەیەوە زۆر جار ئارامی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا تێک دەچێت، لە بەرئەوە پێویستە ئەم جۆرە کردانە کۆنترۆڵ بکرێن، پاڵنەرەکانیان بە شێوەیەکی ئەقڵانی بەرەو ڕووی ئامانج و خواستەکانیان ئاراستە بکرێن. ڤیبەر ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕەمەکی یان سۆزداری، لە ئەنجامی ناکۆکی و ململانێی نێوان هاوڕێیان و حکومەتەکان، دووڕوویی، نقومبوونی مرۆڤ لە دنیای بێ ئابڕوویی و سستی و تەمبەڵی و شتی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت هەروەها ئەو ڕەفتار و تاوانانەش دەگرێتەوە، کە تاکەکان ئەنجامی دەدەن وەک: دزیکردن، کوشتن، بەرتیل وەرگرتن، ساختەکاری و دزینی ماڵی گشتی (ئەلحەسەن، ۲۰۱۸: ۳۲۸-۳۲۹). ڤیبەر گرنگیەکی کەمتری بەم جۆرە کردەیە داوە، چونکە پێی وابوو کە ئەم کردەیە لە ئەنجامی هەڵچوونەوە ئەنجام دەدرێت و نائەقڵانییە (ریتزر، ۲۰۱۳: ٦٤).

### 2.کردەی کۆمەڵایەتی نەریتی

ئەم ڕەفتارە لە دابونەریت و بەها و پەند و ڕەوشتی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. لەم جۆرە ڕەفتارەدا هەم ئامانج و هەمیش ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج کە هەڵدەبژێردرێن، نەریتین (تنهایی، ۲۰۰۸: ۱۳٦). کردەی نەریتی بەزۆری پشت بە کردەیەکی میکانیکی و بێئاگا لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، هەربۆیەش تۆخمگەلێکی تێدایە کە درکیان پێناکرێت (فروند، ۲۰۰٤: ۹۹-۱۰۰). لە کردەی نەریتیدا چاو لەسەر هاوسەنگی نێوان هۆ و ئامانجە و بە هیچ شێوەیەک جێگای مشتومڕ نییە، چونکە بەجێگەیاندنی ڕەفتاری نەریتی دەگەڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵی ناهوشیارانە لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی (جمشیدیها، ۲۰۰۸: ۱٥۰). ئەم دیسپلینە کۆمەڵایەتییە نەریتییانە، ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن و پەیوەندی تاکەکەسیش بە کەسانی دیکەوە ڕێک دەخەن. تاک ئەو شێوازە لە ڕەفتار هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەو ڕێکخراو و دامەزراوە بونیادییانەی کە مامەڵە و کارلێکیان لەتەکدا دەکات، فێر دەبێت وەک: خێزان، خزمایەتی، گرووپی یاری، قوتابخانە، مزگەوت و کڵێسا...هتد، ئەو ئاکار و ڕەفتارانەی کە تاک وەری گرتوون، نەوە دوای نەوە دەگوازرێنەوە و بەشداریەکی چالاکی هێنانەدی یەکێتی کۆمەڵگا و بەهێزکردنی دەکات، تاکەکان لە ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی دەکەن (الحەسەن، ۲۰۱۲: ۳۳۷ ). بەشی هەرە زۆری هەموو ئەو کردانەی کە مرۆڤ خووی پێوە گرتوون، لەم جۆرە کردەیەن (کرایب، ۲۰۰٦، ۹۸).

### 3. کردەی ئەقڵانی بە ئاراستەی بەها:

لەم جۆرە ڕەفتارەدا تەنیا هەڵبژادنی ئامانج ئەقڵانیە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەقڵانی نین (تنهایی، ۲۰۰۸، ۱۳٦). لەم حاڵەتەدا تاک بە بیروباوەڕێکی تەواوەوە لە خزمەتی بەهایەک یان ئامانجێکدا دەبێت و بە هەستکردن بەوەی پابەندە بە ئەنجامدانی ئەو کردەیە. لەم جۆرە ڕەفتارەدا بە هۆی بەهاداربوونی ئامانج، تاک زور گرنگی بە هاوسەنگی نێوان هۆ یان ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج نادات و لە بەرژەوەندی و لە خزمەتی ئامانجدا دەبێت. لەو جۆرە ڕەفتارانەش: ڕەفتاری ئایینی و سیاسی (Ritzer, and Stepnisky, 2020. 47).

بە ڕای ڤیبەر ئەم جۆرە بەهایانە زیاتر لە بیرو باوەڕە ئایینیەکاندا بەرچاو دەکەون، هەروەها لەو باوەڕەدایە هەڵبژاردنی بەهاکان ناچارییە و ئەو ڕەفتارەی تاک ئەنجامی دەدات تایبەتە بۆ ڕازیکردنی خۆی. هیچ بنەمایەکی ئەقڵانی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بوونی نییە، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە دواتر ئەو بەهایانەی کە دواتر دێن، بە بەهای ئەقڵانی هەژمار بکرێن (کرایب، ۲۰۰٦، ۹۹).

### 4. کردەی ئەقڵانی ئامانجدار

لەم جۆرە کردەیەدا هەم ئەو ئامانجەی کە هەڵبژێردراوە، هەمیش ئەو ڕێگایەی دەگیرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەقڵانین (تنهایی، ۲۰۰۸: ۱۳٥). واتە ئەو ڕەفتارانەن کە بە شێوەیەکی ئەقڵانی، دانایی، لۆژیکی و زیرەکی هەروەها تێگەیشتنێکی ژیرانە بۆ بارودۆخ و کێشەکان، جیا دەکرێنەوە (ئەلحەسەن، ۲۰۱۸: ۳۳۱). لێرەدا تاک بە هۆی زیرەکی و تواناکانی و ڕەفتارە باشەکانیەوە، دەتوانێت ئامانج و خواستە ڕەوا و ناڕەواکانی بەدی بێنێت و باشترین ئامراز، بۆ گەیشتن بە ئامانج دەستنیشان بکات (Ritzer, and Stepnisky, 2020. 47).

ڤیبەر ئەم شێوە ڕەفتارە، واتە کردەی کۆمەڵایەتی ئەقڵانی بە پێی هۆ و مەبەست بۆ سەر سێ جۆر دابەشیان دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو ڕەفتارێک مەبەستی خۆی هەیە (ئەلحەسەن، ۲۰۱۸: ۳۳۱). هەرچەندە جورج ریتزەر باس لە چوار جۆر ئەقڵانییەت دەکات، کە ڤیبەر ئاماژەی پێداوە. ئەقڵانییەتی کردەیی، کە جۆرێکە لە ئەقڵانییەت کە هەمووومان ڕۆژانە بۆ گەیشتن لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بەکاری دێنین. ئەقڵانییەتی تیۆری، ئەو هەوڵانەن کە مەبەستیان زاڵبوونی مەعریفەیە بەسەر واقیعدا، ئەوەش لە ڕێگەی چەمکە زۆر ئەبستراکتەکانەوە.

ئەقڵانییەتی جوهەری، لێرەدا هەڵبژاردنی پێویستترین کار لە ڕێگەی بەها باڵاترەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێت، نەک لە ڕێگەی ئەزموونە ڕۆژانەیی و بیرۆکە کردەییەکانەوە. جۆری چوارەم و کۆتایی ئەقڵانییەت، ئەقڵانییەتی فۆرمییە کە لای ڤیبەر زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەو پێی وابوو کردە لەسەر بنەمای پرەنسیپ، بڕیار و ئەو یاسایانە دەوەستێت کە لە لایەن هەر تاکێکەوە بە کاردێت ( Ritzer, and Stepnisky, 2020. 47).

بە شێوەیەکی گشتی ڤیبەر سێ شێوەی ڕەفتاری ئەقڵانی دەستنیشانکردوون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە (زکریا، ١٩٩٨: ١٢٥):

1. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانی کە هۆیەکە ئەقڵانی و مەبەستەکە نائەقڵانییە. مەبەست لە هۆ یاخود مەبەستی ئەقڵانی، ئەو مەبەستە ئاکاریی و ئابڕۆمەندانە و ڕێکوپێکەیە کە لەگەڵ ئاکارو ڕێنمایی کۆمەڵگادا دەگونجێت. کەچی مەبەست لە ڕەفتاری نائەقڵانی، ئەو هۆ یاخود مەبەستە نائابڕۆمەندو نائاکارییەیە کە دژە لەگەڵ ڕێنمایی، ئامانج و نموونە باڵاکانی کۆمەڵگا و لە گەڵیاندا ناگونجێت.
2. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانی کە هۆیەکە نائەقڵانی و مەبەستەکە ئەقڵانییە. ئەم جۆرە ڕەفتارە ئەقڵانییە لە ڕووی هۆ و مەبەستەوە، پێچەوانەی جۆری یەکەمە، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە سەرۆک خێزان حەز دەکات ببێتە خاوەن خانووی نیشتەجێبوون، ئیتر بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکات بە دزینی پارە. کەواتە مەبەستەکە ئاکاریی و ئەقڵانییە، بەڵام هۆیەکە ئاکاریی و ئابڕۆمەندانە نییە، چونکە هۆیەکە لە دزینی پارەدا بەرجەستە دەبێت بۆ کڕین یان دروستکردنی خانووەکە.
3. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانی کە هۆیەکە ئەقڵانی و مەبەستەکەش ئەقڵانییە. ئەم جۆرە ڕەفتارە ئەقڵانییە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تایپی "ئایدیاڵی" ناودەبرێت.

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئایدیاڵی ئەو ڕەفتارەیە کە هەم لە ڕووی ئامرازەکانی جێبەجێکردن و هەمیش لە ڕووی مەبەستەکانییەوە، بێلایەنە و ڕەفتارەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج ئەقڵانییە. ئەم جۆرە ڕەفتارە لە ڕەفتاری ئەو سەربازەدا بەرجەستە دەبێت کە پارێزگاری لە نیشتمانەکەی دەکات یان لە ڕەفتاری قوتابییەک لە زانکۆدا دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات لە وانەکان دەربچێت و ببێتە خاوەنی بڕوانامە (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٣٤).

بە باوەڕی ڤیبەر ئامانج و ئارەزووی مرۆڤەکان لە نێو یەک کۆمەڵگادا جیاوازییان هەیە، بە رای ئەو ناتوانین لە ڕێگای گوشارو پاڵەپەستۆوە یەکێتی لە کۆمەڵگادا بەدیبهێنین (شیخاوەندی، ٢٠٠٤، ٥٢). ڤیبەر پێی وایە تاک یەکەیەکی تایبەت بە خویە، بەبێ تاک تێگەیشتنی کۆمەڵناسی، کە بەدوای مانای کردەی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت، لە مانای خۆی بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە چەمکە کۆمەڵییەکانی وەک کۆمەڵناسی ئاقڵانە دەرناکەون، مەگەر لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە مانادارانە نەبێت کە لە رەفتارەکانی تاکدا دەیاندۆزینەوە. نموونە بنچینەییەکانی کردەی کۆمەڵایەتی بریتیین لە: کردەی کۆمەڵگەیی، کردەی تێگەیشتنی، کردەی دامەزراوەیی و کردەی گروپی ( فروند، ٢٠٠٤: ١٠٧-١٠٨).

جەختکردنەوەی سەرەکی ڤیبەر بە ئاراستەی مانا زەینییەکانە، ئەو مانایانەی مرۆڤە بکەرەکان دەیاندەنە پاڵ کردەکانیان. ڤیبەر دەڵێت" کردە مرۆییەکان پاشکۆی ئەو بنەمایانە نین کە بەسەر جیهانی سروشتیدا باڵادەستن (کوزر، ١٩٩٨، ٣٠١).

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوکاتە تایبەتمەندی کۆمەڵی بەخۆوەدەگرن کە لایەنگیری کردەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەستی هاوپەیوەندی بەشدارن، کە زادەی پابەندی سۆزدارانە و نەریتییەوە بێت. لە لایەکی دیکەوە تایبەتمەندی کۆمەڵگایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی گونجان و هاوسەنگبوونی بەرژەوەندییەکانە. زۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی بکەرەکانی کۆمەڵین. پرۆسەی بە کۆمەڵگەبوون تەنیا ئەو بەرژەوەندییانە ئاشکرا دەکات، کە بە هۆی ململانێوە دروست بوون (فیبر، ٢٠١٠: ٣٥).

ڤیبەر لەو باوەڕەدایە، نەهێشتی خاوەندارێتی تایبەتی بەو شێوەیەی مارکس باسیدەکات، ئەو درۆیەی کە لە کۆمەڵگا نوێکاندا هەیە، کۆتایی پێ ناهێنێت، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە دۆخێکی درۆزنانەی دیکە جێگەی بگرێتەوە (اشتیانی، ٢٠١٤، ٤١-٤٢) ڤیبەر پێچەوانەی مارکس و دۆرکایم بیر لە کۆمەڵگا دەکاتەوە، ناوبراوان کۆمەڵگا بەدەر لە تاکەکان دەبینن، بەڵام ڤیبەر تاک بە بنەمای کۆمەڵگا دەزانێت.

دووەم: ئایین:

ڤیبەر لاهوتناس نەبوو، بەڵام کارەکانی ئەوە پیشاندەدەن کە خوێندنەوەی زۆری لەو بارەوە هەبووە (کوزر، ١٩٩٨، ٣٣٢).

ڤیبەر لە کتێبی ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕوحی سەرمایەداریدا دەڵێت" ئایین بە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانی شێوازێکی تایبەت لە سەرمایەداری ڕۆژئاوایی هەژمار دەکرێت، کە ئەویش سەرمایەداری ئەقڵانییە. ڤیبەر پێی وایە ئایینە سەرەتاییەکان ئاوێتەن بە جادوو و سەرهەڵدانی سەردەمی پێغەمبەران. بە تێپەڕین کات و نەمانی سەردەمی پێغمبەرەکان ئایینەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەقڵانیتر دەرکەوتن، کەوایە خاڵی دەسپێکی مێژووی ئایینی مرۆڤ، جیهانێکی لێوانلێوە لە شتە پیرۆزەکان و بە دژایەتی لەگەڵ شتە پیرۆزەکان کۆتایی پێدێت (علیزادە، ٢٠١٦ : ٥٦-٥٧). ڤیبەر، لە بری شرۆڤەی خودی ئایین، بە دوای پەیوەندییەکانی نێوان ئایینەکان و گرووپە تایبەتە کۆمەڵآیەتییەکان و کاریگەری ئایین لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەگەڕا. واتە مەبەستی ڤیبەر رەفتاری ئایینیی مانادارى مرۆییە. ئەوەی جێگای مشتومڕی ڤیبەرە تێگەیشتنی کاریگەرییەکانی ئایینە لەسەر رەفتارەکانی دیکە وەکو رەفتاری ئەخلاقی، ئابوری، سیاسی و هونەری و تێگەیشتنی لەو ململانێیەی کە ڕەنگە لەبارەی بەهاکانییانەوە لە نێوانیاندا ڕوویدات (فروند،٢٠٠٤: ١٦٧).

ڤیبەر لەنێو ژیانی کۆمەڵآیەتیدا، ئایین بە جۆرێکی تایبەت لە ئاکار دادەنێت کە پێویستە دەسکەوت و کاردانەوەکانیشی تاووتوێ بکرێن. ئەوە ڤیبەر بوو کە کاریگەری ئایینی بە واتای دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هێنایە نێو باسەوە، بە رای ئەو ناکرێ تەنیا بە ڕێبازی کۆمەڵناسانەوە ئایین تاووتوێ بکرێ، چونکە ئایین لە سەرچاوە ئایینییەکانی خۆیەوە سەرهەڵدەدا (غوڵامی، ٢٠١٧ : ١٣٧). لۆژیکی تیۆری ڤیبەر ئەوەیە کە گۆڕان لە باوەڕ و بەها و بیروباوەڕەکانی میللەتێک، کە لەگەڵ بارودۆخێکی مادی داواکراو هاوکات بێت، دەتوانێت گۆڕانی قووڵتر لە بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دروست بکات (گین، ٢٠١٠: ٥٠).

بۆیە به رای ڤیبەر بە جیهانیبوونی ئایینەکان زەمینەیان خۆش کرد بۆ بەرەوپێشچۆنی کۆمەڵگا، هاوئایینەکان توانییان لە نێو ئەم کۆمەڵگایانەدا بە شێوەیەکی ئارام و ئاشتیانە خەریکی دانوستانی کۆمەڵگایی بن (وبر، ٢٠١٣: ٦٣). ڤیبەر پێی وایە ئایین لە ڕاستیدا هیوایەکە بۆ چارەسەری کێشەکان و نادادییەکانی ژیان و وڵامێکی مانادارە بۆ جیهانێکی بێ مانا، بۆ هەڕەشەکانی ئەم جیهانە بێ مانایە بۆ سەر مرۆڤەکان (غوڵامی،

٢٠١٧: ١٣٧). واتە ڤیبەر باوەڕی وایە چەمکە ئایینییەکان لە واقعیەوە سەرچاوە ناگرن کە ژیان لە بنەڕەتدا مەترسیدارو جێی متمانە نییە، بەڵکو بێ متمانەیی بەو مانایە کە مروڤەکان خوازیاری بە دیهاتنی هەندێ حەز و خولیان کە بۆیان دابین ناکرێت و لە نێوان ئەو شتانەی کە پێیانخۆشە بە دی بێت و ئەو شتانەشی کە بە کردەوە روودەدەن، بەردەوام جیاوازییان هەیە و ناکۆکی نێوان ئەم جیاوازییانە، ڕوانگەی ئایینی لێدەکەوێتەوە (علیزادە، ٢٠١٦، ٥٥).

جیاوازی سەرەکی ڤیبەر لەگەڵ کۆمەڵناسانی پێشووتر ئەوە بوو، کە ئایینی بە واتای بابەتێکی نائەقڵی و نالۆژیکی ڕەچاو نەدەکرد، بەڵکو ڤیبەر پێی وابوو ئەو کارانەی کە ئایین یان جادوو یاخود سیحر بوونەتە سەرچاوەیان، لانی کەم تاڕادەیەک لۆژیکین. لەسەر ئەم بنەمایە ڤیبەر وای بۆ دەچوو، لە نێو جۆرەکانی ئەقڵانییەتدا، ئەقڵانیکردنی ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی و چارەنوسسازی بووە لە بەدیهاتنی مودێرنیتەدا. ڤیبەر پێی وابوو کە ئایین و مۆدێڕنیتە نەک تەنیا دژ بە یەک نین، بەڵکو پەیوەندییەکی دوولایانەیان لەنێواندا هەیە، بەم پێیە ئایین نە تەنیا دژ بە پێشکەوتن و سەرهەڵدانی شێوەکانی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو ئایین خۆی نمونەیەکە لە ئەقڵانییەت و سەرچاوەیەکە بۆ دەستەبەندی و دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی(غوڵامی، ٢٠١٧: ١٣٨) .

ڤیبەر دەڵێت: ئەقڵانییەتی ئایین بە مانای لابردنی لایەنە سیحری و جادوویەکانە، بە نیشانەی چارەسەرکردنی پارادۆکس و ئاڵۆزییەکان دێتە ئەژمار. ڤیبەر باسی چۆنییەتی کاریگەری ئایین و چەمکە ئایینییەکان دەکات لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، هەر لەبەر ئەوەشە ناوی کتێبە سەرەکییەکەی "ئەخلاقی پڕۆتستانتی و ڕوحی سەرمایەداری" کە بەناوبانگترین کتێبی کۆمەڵناسی ئایینی ڤیبەرە، لێرەدا ئایین بەیەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانی شێوازێکی تایبەت لە سەرمایەداری ڕۆژئاوایی لەقەڵەم دەدرێت، کە هەمان سەرمایەداری ئەقڵانییە و ئەو پێی وایە هۆکارێکی پێویستە، بەڵام هۆکارێکی تەواو و کافی نییە، چونکە هۆکاری ماددی دیکەش هەن کە کاریگەرن (فروند، ٢٠٠٤: ١٩٢؛ علیزادە، ٢٠١٦، ٥٦). ئامانجی ڤیبەر لە نووسینی ئەو کتێبە جەختکردنەوە بوو لەسەر رۆڵی فاکتەری ئایینی یان روحی لەو دواکەوتن یان پێشکەوتنە ئابوورییەی کە کۆمەڵگا بە خۆیەوە دەبینێت. ئایین لای ڤیبەر بزوێنەری سەرەکی ئەو چالاکییە و ئەو ئابوورییە بەرهەمهێنەرانەیەیە کە کۆمەڵگا ئەنجامیدەدات. ڤیبەر دەیەوێت لەم کتێبەیدا دوو خاڵی سەرەکی روون بکاتەوە، یەکەم: بەرپەرچدانەوەی بانگەشەکانی ماتریالیزمی مێژوویی کارڵ مارکس، دووەمیش: ئاماژەکردنە بۆ ئەو فاکتەرە ئایینی و روحییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر چالاکی ئابووری هەیە لە رووی دیاریکردنی رەوتی بەرهەمهێنان و کێشانی ئامانج و نەخشەکان (ئەلحەسەن، ٢٠١٨ :٣٣٤).

ڤیبەر لە کۆتاییەکانی کتێبی "ئەخلاقی پروتستانتی و روحی سەرمایەداری" دا لە گوزەرێک بە نێو سەردەمی سەرمایەداریدا، سەرنجی خۆی لە جیاتی رابردوو لەسەر داهاتوو چڕدەکاتەوە و دەڵێت" چارەنووس بڕیاریداوە کە داهاتوو ببێت بە قەفەسێکی ئاسنین. بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە (قەفەسێکی ئاسنین) لە لایەن ڤیبەرەوە، نیشانەی نیگەرانییە قووڵەکانیەتی لە جیهانی پیشەسازی و مۆدێرن (کیڤیستۆ، ٢٠١٧: ١٤٩-١٥٠). بەپێی تێڕوانینی ڤیبەر هیچ بوارێک بۆ رزگاربوون لە شوێنکەوتنی بە پسپۆڕیبوونی کاروبارەکانی بیرۆکراسی لەلایەن تاکەکانەوە نییە. گەشەی بیرۆکراسی، مرۆڤ لە قەفەسی ئاسنینی دابەشکردنی پسپۆڕییانەی کاردا، کە بەڕێوەبردنی سستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ وابەستەیە پێیەوە، زیندانی دەکات. لە روانگەی ڤیبەرەوە هەم پارێزگارەکان و هەمیش سۆشیالیستەکان لە باوەڕێکی هەڵەدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە پێیان وایە مرۆڤی نوێ ئەگەری هەڵاتنی هەیە لەم قەفەسە (گیدنز، ١٩٩٦. ٦٨-٦٩). ئەو بیروباوەڕە کە خواوەندەکان؛ ئەگەر کەسێک دڵخۆش و سەرکەوتووی بکات، سەرمایەو پێگەی پێدەبەخشێت، لە هەموو جیهاندا بوونی هەبوو. ئەو گروپانەی سەر بە پروتستانتەکان بوون، ئەو حاڵەتەیان بە شێوەیەکی هوشیارانە بە رەفتاری ئاینییەوە پەیوەست کرد، بەم شێوەیە لە نێوان ئایین و بنەمای سەرمایەداریدا، کە ڤیبەر دەڵێت" راستی باشترین سیاسەتە، پەیوەندی دروستکرد و لەنێو ئەم دەستە و گروپانەدا بەهێزیکرد و بەردەوامیان پێدا" ( وبر، ٢٠١٠: ٣٥٦-٣٥٧).

ڤیبەر پێی وابوو کۆمەڵگای سەرمایەداریی پیشەسازی، وردە وردە جیهانی ئێمە دەکاتە زیندان، بۆیە زاراوەی قەفەسی ئاسنینی بەکارهێناوە. ڤیبەر سەبارەت بە روحی سەرمایەداری، پێی وابوو شێوازی هزری سەرمایەداری هاندەری ئاراستەیەکی تایبەتە بەرامبەر بە چالاکی ئابووری، ئەو لەو باوەڕەدایە دەبێت سەرمایەدار، وەک رەزیلێکی ئاقڵ تەماشا بکرێت، ئەو کەسێکە کە خۆی بۆ بەرهەمهێنانی سەروەت و سامان بەخت کردووە، نەک بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکەی بەهرەمەند بێت (کیڤیستۆ، ٢٠١٧ :١٥٢). ڤیبەر باوەڕی وابوو سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە چەند وڵاتێکی دیاریکراودا لە ئەوروپای روژئاوا، لە شوێن- کاتێکدا کە چاکسازییە ئایینیە پڕۆتستانیەکان رەگوڕیشەیان داکوتابوو، بە ڕێکەوت بووە. بە رای ڤیبەر ئەهلی ئیمان بە دوای نیشانەیەکدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی ئەوان لە چۆنیەتی پەیوەندیان لەگەڵ خوداوەندا ئاگادار بکاتەوە، ئەو دەڵێت باوەڕداران ئەم نیشانەیەیان لە سەرکەوتنی ئابووریدا، دۆزییەوە. ئەو باوەڕدارانە کۆکردنەوەی سەروەت و سامانیان بە نیشانەیەک لە میهرەبانی پەروەردگار دەزانی. ئەمە دەری دەخات پەیوەندیەک لە نێوان ئەخلاقی پڕۆتستانتی و روحی سەرمایەداریدا هەیە. ڤیبەر لەو باوەڕەدایە پیشەسازی گەورە توانی رووخساری روحی مرۆڤ لە رادەبەدەر بەرەو پێش ببات (فیبر، ٢٠١٥: ١٠١).

بەگشتی ڤیبەر ئامانجێکی دوو لایەنی لە کۆمەڵناسی ئایینیدا گرتووەتە بەر، لە لایەکەوە ویستویەتی لەسایەی ناسینی ئایینێکی وەک پڕۆتستانتی کاردانەوەی بارودۆخی ماددی لەسەر بیروباوڕەکانی خەڵک لەبەرچاو بگرێت، لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تاقانەبوونی کولتووری ڕۆژئاوا بسەلمێنێت کە بووەتە هۆی بەدیهاتنی ئابووری ئەقڵانی، مافی ئەقڵانی، هونەری ئەقڵانی، چونکە ئەو پێی وابوو هیچکام لە ئاینەکان نەیانتوانیوە ببنە هۆی ئەو پەرەسەندنە ئابوورییەی کە لە رۆژئاوادا بینراوە، واتە بوونی ئەم ئەقڵییەتە لە رۆژئاوا سەرچاوەی پەڕەسەندن بووە، لە کاتێکدا نەبوونی ئەقڵانییەت لە ئاینەکانی دیکەدا بە تایبەت ئیسلام و کونفۆشیوسیدا، ڕێگەی لەم ئەقڵانیبوونە گرتووە (غوڵامی، ٢٠١٧ :١٤٦-١٤٧).

ڤیبەر یەکێک لەو زانایانە بووە کە ئاوڕێکی لە ئایینی ئیسلام داوەتەوە، ئەو ئاماژەی بە ئەخلاقی هێمنانەی ئیسلام و قورئان داوە، کە نەیهێشتوە ببێتە سەرچاوەی روحێکی زەحمەتکێشانە، ئەو دەڵێت نەبوونی هەستی زەحمەتکێشانە سەرەکیترین هۆکاری بەدینەهاتنی کاپیتالیزم بووە لە ئیسلامدا، ئەو ڕەوشەش بە هۆی ئەخلاقی جەنگاوەرییانەی ئیسلامەوە بەدی هاتووە، چونکە ڤیبەر پێی وابوو ئەوە پێداویستی شەرڤانەکان بووە بۆ ئیسلام، کە ئیسلامی ئەوها بەهێزکرد، نەک خودی بۆچوون و جیهانبینی ئیسلام ( غوڵامی، ٢٠١٧ :١٤٦-١٤٧) . بە باوەڕی ڤیبەر بوونی رێبەرێکی کاریزمایی وەک "موحەمەد" کە پەیامەکەی لە لایەن گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەکو ئاینێکی نوێ رەچاوکراوە، سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە

بووە. بە گشتی رای ڤێبەر لەبارەی ئیسلامەوە ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئیسلامی، کۆمەڵگایەکی نائەقڵانییە. ڤێبەر ئیسلام وەکو ئاییێنک پێناسە دەکات کە زۆرتر لەسەر جیهانی دوای مەرگ پێداگری دەکات و توانای ڕێکخستنی ژیانی لەم جیهانەدا نییە. فێبەر پرۆتستانتیزم بە بەشێکی گرنگ دەزانێت تا یەهودییەت، چونکە ئایینی پرۆتستانتی نکۆڵی دەکات لە بوونی هیچ نێوەندگیرێک لە نێوان خوا و جیهاندا (Ritzer and Stepnisky, 2017.200).

ڤێبەر پێیوابوو لە هەر شوێنێکدا ئایینزای پروتستانتی بوونی هەبووە، بوەتە هۆی بەرەو پێشچوونی پێشەسازی وەکو ئەمریکا، ئەلمانیا و بەریتانیا. هەروەها بە پێچەوانەشەوە لە هەر شوێنێک کە ئایینزای کاتۆلیک بوونی هەبووە، پیشەسازی بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیوە، وەکو وڵاتی ئیسپانیا (جمشیدیها، ٢٠٠٨: ٦٧).

**سێیەم: دەسەڵات و سیاسەت:**

ڤێبەر چەمکی دەسەڵات بە توانایي تاک لە سەپاندنی حەزو خواستەکانی بە سەر خەڵکی دیکە و تەنانەت بە پێچەوانەی دژایەتی ئەوان پێناسە دەکات، بەڵام دەسەڵاتی رەوا (شەرعی)، واتە دەسەڵاتێک کە بە پشتبەستن بە یاسا و دەستوری پەسەندکراو پیادە دەکرێت. ڤێبەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و ئۆتۆریتە لە کۆمەڵگادا بە بنەمای ناکۆکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، ئەو پێی وایە دەسەڵات تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە "کەسایەتی" تاکەکانەوە. ڤێبەر لەو باوەڕە دا بوو کە دەسەڵات تەنیا جۆرە پەیوەندییەکی واقعییە، بەڵام ئۆتۆریتە پەیوەندی شەرعی نێوان سەردەست و ژێردەستە، بەو پێیە دەتوانین ئۆتۆریتە بە دەسەڵاتی شەرعی پیناسە بکەین (دیلانی،٢٠١٦: ٤٢٨). هەروەها ڤێبەر لە پێناسەی هێزدا دەڵێت" بریتییە لە ئەگەری ئەوەی یەکێک لە بکەران بتوانێت ئامانجە تایبەتەکانی خۆی بەدی بهێنێت، تەنانەت دژی ئەو نەیارانەش کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیشیان لە نێواندا هەیە (گیدنز، ٢٠١٦، ٢٩٧). هەروەها دەڵێت: هێز بریتییە لە دەرفەتێک، چواچێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو دەرفەتە بۆ تاک دەڕەخسێنێت تا بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەمایەک، کە دەرفەتی ئاماژەپێکراولەسەری دامەزراوە، ئیرادەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، تەنانەت سەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی کەسانی دیکەش (فیبر، ٢٠١٠: ٥٦).

ڤێبەر پێی وایە سیاسەت لە سێ توخم پێکهاتووە یان دروست بووە، یەکەم: ئەو گروپانەی داوای دەسەڵات دەکەن. دووەم، ئەو دامەزراوانەی لە ڕێگەیانەوە دەسەڵات بەدەستهاتووە و پیادەی دەکەن. سێیەم: ئەو ئامانج و بیرۆکانەی دەسەڵات بە یاسایي پیشاندەدەن (شیخاوەندی، ٢٠٠٤: ٥١). ڤێبەر کۆمەڵگای سیاسی بەو کۆمەڵگایە پێناسە دەکات کە بە شێوەیەکی بەردەوام و لە چوارچێوەی ناوچەیەکی سنووردارو دیاریکراودا بوون و سستمی خۆی دەپارێزێت (گیدنز،٢٠١٦: ٢٩٧). ڤێبەر دەڵێت: حزبە سیاسییەکان تەنیا لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە سستمە ئەقڵانییەکان پێکهاتوون، دەتوانن بەرەو پێش بچن (تامین، ٢٠٠٦ :١٢).

ئەو دەسەڵاتی سیاسی لە جیهاندا بۆ سێ جۆر دابەش دەکات، دەسەڵاتی نەریتی، دەسەڵاتی ئەقڵانی و دەسەڵاتی کاریزمی (ئەلحەسەن، ٢٠١٢ :٣٥٥ ؛ وبر، ٢٠٠٥: ٣١٢). لە خوارەوە تیشکێک دەخەینە سەر هەر یەکێک لەو جۆرانە.

**1 . دەسەڵاتی نەریتی:**

دەسەڵاتی نەریتی لەسەر بڕوابوون بە "پیرۆزی ڕێسا کۆنەکان و دەسەڵاتەکان" هەڵچنراوە. یان دەتوانین بڵێین" ئەو دەسەڵاتەیە کە پشت بە هێزە نەریتییەکانی پێشوو و بەسەرچووی کەلەپووری شارستانی و سیاسی کۆمەڵگا، دەبەستێت (گیدنز، ٢٠١٦ :٢٩٨ ). لە دەسەڵاتی نەریتیدا، دەسەڵات نادرێتە ئەو کەسەی لە سەرەوەیە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵکو ئەو دەسەڵاتە بۆ کەسێکە کە کوڕی گەورەو بە تەمەنترین ئەندامی خێزانە، کە لە ڕێگەی نەریتەوە داوای لێدەکرێت دەسەڵات بگرێتە دەست (فروند، ٢٠٠٤). ئەو نەریت و کەلەپوور و عورفە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا لە ژێر ڕۆشناییانەوە بەڕێوە دەچێت، مافی فەرمانڕەواییکردن بە پیاوێک، یاخود خێزانێک یان هۆزێک دەبەخشن کە بە هێزو شکۆ و پێگە و ڕێز جیادەکرێتەوە و پێویستە هێزو فەرمانڕەوایي خۆی بسەلمێنێت لە فەرمانڕەواییکردنداو خۆشگوزەرانی و بەختەوەری و ئاوات و ئامانجەکانیان بۆ دەستەبەر بکات. ئەم دەسەڵاتە پشت بە یاسا شەرعییەکان و هەڵبژاردنی دەستوریی نابەستێت، بەڵکو پشت بەو دەسەڵات و هێزە نەریتی و ترادسیۆن و دابەکان دەبەستێت کەوا لە هاوڵاتیان دەکات پابەند بن بە حوکمی ئەو سوڵتانە، ئەم دەسەڵاتە لە زۆربەی سستمەکانی حوکمی پاشایەتی دا هەیە لە جیهاندا (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٣٥٥ -٣٥٦ ). دەسەڵاتی نەریتی پێویستی بە ملکەچی و پەیڕەویکردن لە خواوەندەکان و وەفداربوون بۆ کەسێکە کە بە هۆی هێزو و یاسا کۆنەکان دەستنیشان کراوەو بەردەوام دەبێت (وبر، ٢٠١٣: ٥٢).

**.دەسەڵاتی شەرعی و ئەقڵانی:**

ئەو دەسەڵاتەیە کە پەیکەرەکەی پشت بەو پرەنسیپە دەستوری و دیمۆکراسییانە دەبەستێت کە هێزی خۆی لە ویستی ئازادی گەل وەردەگرێت و یاساگەلێک دروست دەکات کە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگا و پێدراوە هزری و مادییەکانیەتی، خەسڵەتی زانستی بە سەر ئەم جۆرە دەسەڵاتەدا زاڵە و لەسەر بنەمای بیروباوەری یاسایي دامەزراوە کە ئەو بنەمایانە بە شێوەیەکی ئەقڵانی داڕێژراون (فروند، ٢٠٠٤: ٢١٦). لەم جۆرە دەسەڵاتەدا توێژەکان خۆیان، نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن و لە پەرلەماندا بەرجەستە دەبێت. ئەو نوێنەرانەش بەرگری لە مافەکانی هاوڵاتیان دەکەن. هەڵبژاردنی حکومەت و سەرۆک لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دیمۆکراسی و ئازادانەوە دەبێت و سیفەتی زانستی بە دەسەڵات دەبەخشێ و خۆی لە سستمەکانی حوکمی دەستوری و نوێنەرایەتی و جەماوەردا دەبینێتەوە (ئەلحەسەن، ٢٠١٢ :٣٥٧).

**٣ .دەسەڵاتی کاریزمایي:**

چەمکی کاریزما، تایبەت بە کەسایەتی کەسێک بەکاردێت کە ئەو کەسە بەهۆی چەند تایبەتمەندییەک لە کەسانیتر جیادەکرێتەوە و وەکو کەسێکی جیاواز ئەژماردەکرێت، کەسانی دیکە ناتوانن ببنە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە، هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییانیە کەسی کاریزمی دەتوانێت ڕۆلی ڕابەر ببینێت یان ببێت بە ڕابەر (وبر ، ٢٠٠٥: ٤٥٤-٤٥٥). شەرعییەتی دەسەڵاتی کاریزمایي پشت بەو خەسڵەتە دەگمەنانەی ڕابەرایەتی و کەسایەتی سەرنجراکێش و توانا بێ سنوورەکانی دەبەستێت، کە سەرکردەی کاریزما هەیەتی (وبر، ٢٠١٣: ٩٣). کاریزما، چەمکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، بەو خەسڵەتە پۆزەتیڤە سروشبەخشانە دەگوترێت کە سەرکردەیەک هەیەتی، ئەو جۆرە خەسڵەتانە وا لە هاوڕێ و دوژمنەکانی دەکات دان بنێن بە توانا و زیرەکیەکەی لە سەرکردایەتیکردندا. کاریزمایي سەرکردە بە پێی بۆچوونی ڤێبەر لای خۆی سەرهەڵدەدات و دەبێتە بەشێک لە کەسایەتییەکەی و پابەند دەبێت بەو

بەڵێنانەی کە بە خۆی داوە. کاتێک سەرۆک لەو ئەرکە سەرکەتوو بێت، جەماوەر متمانەی پێ دەکات، ئەم متمانەیەش خەسڵەتە کاریزماییەکانی جیگێر دەکات. پێچەوانەکەیشی راستە، ئەگەر سەرکردە شکستی هێنا، ئەوا سیفەتی کاریزمایی نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ کەسێکی ئاسایی کە شایستەی ئەوە نابێت سەرکردایەتی کۆمەڵگا بکات (ئەلحەسەن، ٢٠١٢ :٣٥٨ -٣٥٩). لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە دەسەڵاتی کاریزمایی لەسەر بنەمای وەفاداری کەسی ڕابەر یان قارەمان (پەیامبەر)ەوە دەبێت، بەڵام سەبارەت بە یاساکان لێیانەوە دووره و ئەوان لە سەروو یاساوە دەبن، سەردکردە بەردەوام دەبێت لەسەر رەتکردنەوەی یاساکان بە مەرجەعییەتی رابردووە. بە بڕوای ڤیبەر لە هەر سێ دەسەڵاتدا، پێویستییەکانی پەیڕەویکردن، بەم شێوەیەیە: لە دەسەڵاتی نەریتیدا کەسێک کە دەسەڵاتی گرتوەتە دەست دەڵێت: پەیڕەوی لە من بکەن، چونکە ئەمە کارێکە، کە خەڵکی ئێمە هەمووکات جێبەجێیان کردووە. لە دەسەڵاتی کاریزماییدا سەرکردە دەڵێت: پەیڕەوی لە فەرمانەکانی من بکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا منم دەتوانم ئێوە رزگار بکەم و گۆڕانکاری دروست بکەم. لەبەرامبەردا سەرکردەی دەسەڵاتی یاسایی و ئەقڵانی دەڵێت: پەیڕەوی لە من بکەن، چونکە من بە شێوەی یاسایی لەلایەن ئێوەوە هەڵبژێردراوم (وبر، ٢٠١٣: ٥٢).

ڤیبەر پێی وایە مرۆڤەکان تەنیا بۆ بە دەستهێنانی سەروەت و سامان بە دوای دەسەڵاتدا ناگەڕێن، بەڵکو زۆر کەس هەن لە پێناو دەستخستنی شانازی و شکۆی کۆمەڵایەتی بە دوای دەسەڵاتەوەن (کۆزر، ١٩٩٨: ٣١٥). دەسەڵاتدارییەک کە تەنیا لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی ملکەچی فەرمانەکانی دەبن، بە شێوەیەکی ئاسایی بە پلەیەکی زۆر ناسەقامگیرترە لەو دەسەڵاتدارییەی کە لەسەر بنەمایەکی تەواو ئاسایی بێت. ئەم بۆچوونە سەبارەت بە دەسەڵاتداریەتی بە باوترین جۆر دەژمێردرێت، بەڵام شتێک کە چەند بار سەقامگیرتر بێت خاوەنی شتێکە کە بە ڕەوایی بە ناوبانگە (فیبر،٢٠١٠: ٦٣).

سێ تایبەتمەندی گرنگ هەن کە ڕۆڵی دیاریان هەیە بۆ سیاسەتمەدار، تامەزرۆیی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و هەستکردن بە گونجان. تامەزرۆیی بە مانای هاوبەستەیی قووڵ بە ئامانج دێت، ئینجا ئەو ئامانجە چ ئیلاهی یان ئەهریمەنی بێت. تامەزرۆیی نابێتە هۆی ئەوەی کەسێک ببێتە سیاسەتمەدار مەگەر لە حاڵەتی تایبەتی هاوبەستەییدا نەبێت. ئەرکی سیاسی، هەستی هێز لەنێو تاکدا دروست دەکات، واتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەت کارێکە لە ڕێگای ئەقڵ و مێشکەوە ئەنجام دەدرێت، نەک بەهۆی بەشەکانی دیکەی جەستە یان روح (وبر، ٢٠١٣ : ١٣٤).

ڤیبەر لە یەکێک لە کۆتا وتارەکانیدا بۆ قوتابیانی زانکۆ، سەبارەت بە سیاسەت دەڵێت: سیاسەت کارێکی مەترسیدارە و زۆر زەحمەتە، لە رووی ئەخلاقیشەوە تێچوویێکی زۆر هەڵدەگرێ و وردە وردە مروڤ بەرەو پوکانەوە دەبات. هەروەها بە رای ڤیبەر بۆ ئەوەی کەسێک بێتە نێو مەیدانی سیاسەتەوە، پێویستە خۆی بۆ ئامادە بکات، تایبەتمەندی ڕابەریی تێدابێت و بە سەبر و ئارامگر بێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەبەستدارەکانی دوربین بێت. ڤیبەر دەڵێت پێویستە مرۆڤ هەم ڕابەر بێت هەمیش قارەمان، ئەگەر نەتوانێت ڕابەر بێت و نەشتوانێ قارەمان بێت، پێویستە دڵێکی بەهێز و پشوێکی درێژی هەبێت بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە هەموو هیوا و ئاواتەکانی لە دەست دەدات، دیسان دلێرانە تێکۆشێت و بێ هیوا نەبێت، جەسورانە لە بەرامبەر کێشەو گرفتەکان خۆڕاگرێت، ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا نەبێت ناتوانێت بە دەستکەوتە مومکینەکان بگات (وبر، ٢٠٠٤: ٧٢ ؛ وبر، ٢٠١٣ :١٤٩).

چوارەم: چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی چینایەتی

چینی کۆمەڵایەتییەکان گروپگەلێکی نەیار و ناکۆک و دژ بەیەکن، کە بە بۆنەی رەوتی دابەشبوونی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و دەسەڵاتی شەرعی لە کۆمەڵگادا سەریانهەڵداوە (دیلانی ٢٠٠٦: ٤٣٠).ڤیبەر، باس لە چین و پێگە و حیزب دەکات، ئەم سێ چەمکە وەکو سێ رەهەندی دروستبوونی چینەکان لەقەڵەمدەدات. دیدی ڤیبەر سەبارەت بە چین بووەتە خاڵی دەسپێکی شیکارە هەمە لایەنەکەی سەبارەت بە کردەی ئابووری لە بازاڕدا. ڤیبەر دەڵێت: ناکرێ چینەکان بوونیان هەبێت مەگەر کاتێک بازاڕێکی لەو جۆرە هەبێت کە چەند شێوەیەک لە خۆ بگرێ، لەم رووەوە پارە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە. ڤیبەر چەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئەو کات ململانێ چینایەتییەکان دەستپێدەکەن کاتێک پەیوەندییە ئابوورییەکان لە پەیوەندییە تایبەتەکانی بونیادی کۆمەڵگای نێوخۆیی ڕزگاریان دەبێت (گیدنز،٢٠١٦ :٣١٠-٣١١). وەسف و پێناسەی ڤیبەر بۆ چینی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مارکس زۆر پێکدەچن. بە بڕوای مارکس چینی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گروپێک خەڵک کە هۆکارێکی هاوبەش ئەوانی لە بارودۆخ و دەرفەتگەلێکی هاوشێوە لە ژیان بەهرەمەند کردووە، کە ئەم بەهرەمەندییانەش جۆراوجۆرن. بەڵام جیاوازی تیۆری چینایەتی ڤیبەر لە مارکس لەوەدایە کە ڤیبەر هۆکارێکی پێکهاتەیی دیکە ئاماژە پێدەکات بۆ دروستبوونی چینەکان، ئەویش پێگەی گروپییە، تاک ئەو پێگەیە لە دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی خۆیدا بە شتێکی کاریگەر دەزانێت، هەروەها وەکو هۆکارێکی گرنگ و پربایەخ ناوی دەبات ( Ritzer, and Stepnisky, 2017.186).

ڤیبەر وەک مارکس بڕوای بەبوونی دوو چینی کۆمەڵایەتی دژبەیەک نییە، بەڵکو باوەڕی بە بوونی چەند چینێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پشت بە چەند پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر دەبەستن، کە گرنگترین ئەو پێوەرانە: پەروەردە، فێرکردن، داهات، پیشە، خاوەندارێتی و شێوازی ژیانی رۆژانەیە. پۆلینکردنی چینەکان لەلایەن ماکس ڤیبەرەوە لە کتێبی تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری خراوەتەڕوو، کە پشت بە گۆڕاوی پیشە دەبەستێت. پۆلینکردنی چینەکان لە تیۆری ڤیبەردا لە رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم تیۆرەیدا ڤیبەر پێی وایە هەموو هاوواڵاتییەک ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەرکێک جێبەجێدەکات، ئەو ڕۆڵەش ئەرک و مافی هەیە (ئەلحەسەن،٢٠١٢:٣٦٠). ڤیبەر پێی وایە جیاواز لە رەهەندی ئابووری، دوو رەهەندی دیکەش هەن (هێزو دەسەڵات و شکۆ) کە سستمی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەریان وەستاوە (تامین، ٢٠٠٦: ٩).

بۆیە ڤیبەر پۆلێنکردنە چینایەتییەکان تەنها بۆ یەک فاکتەر ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بۆ چەندین فاکتەر دەیگەڕێنێتەوە. بە ڕای ڤیبەر هەرچی ململانێی چینایەتییە، لە نێوان چینەکان روونادات، بەڵکو لە نێوان رۆڵە کۆمەڵایەتییە ئەرکگەراییەکاندا روودەدات. ململانێی چینایەتی بە پێی بۆچونی ڤیبەر لە نێوان نەوەکانی یەک چین دایە بۆ گەیشتن بە پێگە هەستیارەکانی سەرکردایەتی، وەک لە نێوان کرێکارێک و کرێکارێکی دیکە یان لە نێوان پزشکێک و پزیشکێکی دیکەدا، ئەوەش بۆ گەیشتن بە پێگە باڵاکانی پێشەکەیان. کرێکار ناتوانیت کێبرکێ لەگەڵ ئەندازیاردا بکات، بەهۆی کەلێنی پیشەیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ماددی گەورە لە نێوانیاندا، بەڵام دەتوانێت لەگەڵ کرێکارێکی دیکە کێبرکێ بکات بۆ گەیشتن بە پلەی سەرۆکی کرێکاران، ئەمە بۆ پیشەکانی دیکەش راستە (ئەلحەسەن،٢٠١٢ :٣٦١-٣٦٢). بە پێی گووتەی ڤیبەر، دەوڵەمەندەکان لە ئاکامدا بە بەرزترین پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا دەگەن و هەژارەکان خۆیان لە خوارترین پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە. کەواتە

ڤیبەر دەڵێت: چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەردەوام لە دوو دەستەدا خۆیان نیشاندەدەن، "دەوڵەمەندەکان"و"هەژارەکان" ئەو نابەرابەری و نایەکسانییە کە تاکەکان ئەزموونی دەکەن، لە ئەنجامی نەبوونی هێز و دەسەڵاتە لە نێو ئەو گروپانەدا (دیلانی، ١٩٩٦ :٤٣٥). هەروەها ڤیبەر ئاماژە بە چینی خاوەن زەوی و بازرگانەکان دەکات و دەڵێت چینی خاوەن زەویەکان ئەوانەن کە لە بەرامبەر خاوەنداریەتی زەویەکان کرێ وەردەگرن، ئەم چینە خاوەن ئیمتیازی تێکەتیڤن. چینی بازرگانیش ئەوانەن چانسێکی باشیان هەیە، ئەوەش یان بەڵێندەرەکانن یان خاوەن بانکەکان. بەرای ڤیبەر هەر کۆمەڵگایەک دابەشی سەر کۆمەڵێک گروپ و توێژ دەبێت، کە هەر کامیان شێوەی ژیان و تێڕامانی تایبەت بە خۆیان هەیە (گیدنز،٢٠١٦: ٣١٢).

ئەنجامگیری:

ڤیبەر جەختی کردۆتە سەر تاک، بۆیە ڕەفتاری تاکەکەسی وەک یەکەیەکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێت، بەو پێیە کە تاکەکان دەرک وماناو زەینی تایبەت و جیاوازیان دەربارەی کردەی ئالۆزی کۆمەڵایەتی هەیە. پێی وایە مرۆڤەکان بونەوەری چەقبەستو نین لە بەرامبەر فاکتە کۆمەڵایەتیەکان و کۆویژدان، کردەی وەکو یەک ئەنجام بدەن، هەر بۆیەش لە بە دوادا چونەکانیدا لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی مانادار بە پێی پاڵنەرەکان بەسەر چوار جۆری سەرەکیدا دابەشیان دەکات.، ئەوانیش یەکەم: کردەی عەقلانی ئامانجدار، کە پێی وایە لەم کردەدا هەم ئامانج و هەمیش ڕێگای گەیشتن بە ئامانج ئەقلانییە. دووەم: کردەی عەقلانی بەهادار، پێی وایە ئەم کردەیە زیاتر خۆی لە بیرو باوەڕی ئاینیدا دەبینێتەوە، لێرەدا ئامانج ئەقلانییە بەڵام ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج ئەقلانی نییە. سێیەم: کردەی سوزداری، جۆری سێیەمیان ڤیبەر کەمتر گرنگی پێداوە، چونکە پێی وابو ئەم کردەیە نائەقلانییە و لە ئەنجامی پشێوی ڕوودەدات. چوارەم: کردەی نەریتی، ڤیبەر پێی وایە ئەم جۆرە کردەیە دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ناهوشیارانە، ئامانج و ڕێگاکانی گەیشتن پێی نەریتیین. ڤیبەر پێی وایە سێ کردەی نەریتی و سۆزداری و بەهادار لە جیهانی ئەمڕۆدا بەرەو لای کردەی ئەقلانی هەنگاو دەنێن.

ڤیبەر ئاین بە هیوایەک دەزانێت بۆ چارەسەری کێشەکان و وەڵامێکی مانادارە بۆ جیهانێکی بێ مانا. لە هەمان کاتدا ئاین بە ئامرازێک دادەنێت بۆ فێلکردن لە یەکتری، ئەو دەڵێت بە جیهانبوونی ئاینەکان زەمینەی خۆشکرد بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا، ئاین ڕۆڵی بەرچاوی لە قۆناغی مۆدێرنیتەدا هەبوو، لە کتێبی ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕوحی سەرمایەداریدا نیگەرانی قوڵی لە جیهانی سەرمایەداری هەبوو و پێی وایە سەرمایەداری داهاتوو دەکاتە زیندان، واتە چارەنووسی داهاتوومان لە قەفەسێکی ئاسنیندایە.

ڤیبەر لەبارەی هێزو دەسەڵات پێی وایە بنەمای هێز و دەسەڵات جیا لە بابەتەکانی ئابووری ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی دیکەی هەیە کە خۆی لە دەسەڵاتی ( کاریزمایی و نەریتی و ئەقڵانی) دا دەبینێتەوە.

ڤیبەر سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێکانیان، پێی وایە کە ململانێی چینایەتی لە نێوان تاکەکانی یەک چینیدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ڕوودەدات، نەک لە نێوان چینە جیاوازەکان. ڤیبەر پێی وایە چینە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە دوو دەستەدا دیبیننەوە ئەوانیش دەوڵەمەند و هەژارەکانن.

لیستی سەرچاوەکان


1. آلن، کایرن (٢٠١٣) ماکس وبر درآمدی انتقادی، ترجمه ابوالفضل ذوالفقاری. تهران :دانشگاه شاهد
2. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٨) رابەرانی هزری کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەکارییە لە هزری کۆمەڵایەتی. وەرگێڕانی دانا مەلا حەسەن. سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە
3. ئەنتونی گیدنز (٢٠١٦) سەرمایەداری و تیوری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ. وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات
4. تامین، ملوین (٢٠٠٦) جامعه شناسی طبقه. ترجمه د. عبدالحسین نیک گهر. تهران: نشر توتیا
5. تنهایی، حسین ابوالحسن (٢٠٠٨) درآمدي بر مکاتب و نظریه‌های جامعه‌شناسی. تهران: نشر مرندیز و نشر بهمن برنا
6. جمشیدیها، غلامرضا (٢٠٠٨) پیدایش نظریه های جامعه شناسی. چاپ سوم. تهران: انشارات دانشگاه تهران
7. دیلانی، تیم (٢٠٠٦) تئیورییە کلاسیەکانی کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی خالید شێخی سەقز: چاپخانەی بیریار
8. ریتزر، جرج (٢٠١٥) نظریه‌های جامعه شناسی معاصر و ریشه‌های کلاسیک ان. ترجمه، خلیل میرزایی و علی بقایی سرابی. چاپ دوم. تهران: چاپخانه قدیانی
9. زكريا، خضر(١٩٩٨)، النظريات السوسيولوجية، سوريا؛ الاهالي للطباعة و النشر.
10. شیخاوندی، داور (٢٠٠٤) جامعه‌شناسی تجدد ماکس وبر جادوزدایی از جهان. تهران: نشر قطره
11. عەلیزادە، خالد (٢٠١٦) کۆمەڵناسی ئاین. سەقز: ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار
12. غولامی، ئەحمەد (٢٠١٧) تیۆرەکانی کۆمەڵناسی ئاین. سنە: چاپخانەی مانگ
13. فروند، ژولین (٢٠٠٤) ماکس وبر و جامعه شناسی. ترجمه عبدالحسین نیک گهر، تهران: نشر توتیا
14. فيبر، ماكس (٢٠١٠) المفاهيم الاساسية في علم الاجتماع. ترجمة: صلاح هلال. القاهرة: المركز القومي للترجمة.
15. فيبر، ماكس (٢٠١٥)، مقالات في سوسيولوجيا الدين-الثقافة البروتستانتية-، ترجمة: منير الفندري، بيروت: المنظمة العربية للترجمة، مركز دراسات الوحدة العربية.
16. کرایب، یان (٢٠١٦) نظریه اجتماعی کلاسیک. ترجمه شهناز مسمی پرست. تهران: نشر آگه
17. کێڤیستۆ، پیتەر (٢٠١٧) هزرە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسی. وەرگێرانی هەورامان فەریق. سلیمانی: چاپخانەی حەمدی
18. گیدنز، انتونی (٢٠١٢) جامعه شناسی. ترجمه حسن چاوشیان. چاپ سوم. تهران: نشر نی

19. گين، نكيلاس (٢٠١٠) ماكس وبر و نظريه پست مدرن. ترجمه محمد مقدس. تهران: نشر نهادگرا
20. لابورت، فليب، تولرا، وجان بيار فارنيه (٢٠٠٤) اثنولوجيا، ترجمه مصباح الصمد، بيروت: مجد المؤسسة الجامعية الدراسات والنشر والتوزيع.
21. كوزر، لوئيس (١٩٩٨) زندگى و انديشه بزرگان جامعه شناسى. ترجمه محسن ثلاثى. چاپ هفتم. تهران: انتشارات علمى
22. آشتيانى، منوچهر (٢٠١٤) ماكس وبر و جامعه شناسى شناخت. تهران: نشر قطره
23. وبر، ماكس (٢٠١٣) دين قدرت جامعه. ترجمه احمد تدين. تهران: شركت نشر كتاب هرمس
24. Ritzer, G. and Stepnisky, J., 2017. *Sociological theory*. Sage publications.
25. Ritzer, G. and Stepnisky, J., 2020. *Classical sociological theory*. Sage Publications.


**Max Weber and the analysis of the concept of society (theoretical study)**


**Abed Zekri**

**Murad Hakim Muhammad**

**Department of Sociology / College of Arts / Salahaddin University - Erbil**

**murad.mzori@su.edu.krd**

**Shahlaa Wali Jabbar**

**shahlaa.jabbar@su.edu.krd**

**Department of Sociology / College of Arts / Salahaddin University - Erbil**



**Abstract**

Max Weber is considered one of the most important classical sociologists who played an important role in the development of contemporary sociology and moral and political thought. Although Weber, like Marx, criticizes the modern capitalist system, he prefers the gradual change of society over the radical and revolutionary change. The distribution of power in society is the basis of social conflict. Max Weber believes that every society goes through three successive stages: charismatic, traditional and rational. Weber believes that the history of all societies must necessarily pass through certain stages in order to reveal the unique essence and spirit of each society as a historical identity.. From the results of the study: Weber emphasizes the individual, so he considers individual behavior as a basic unit. He believes that three traditional, emotional and value actions in today's world move towards rational action. Weber sees religion as a hope for solving problems and a meaningful response to a meaningless world. As for power, Weber believes that the principle of power has deep roots other than the economic issues that exist in power (charismatic, traditional and rational). With regard to social classes, Weber believes that class struggles occur between generations of the same class for power.



**Keywords**: Society, Social Action, Religion,


ماكس فيبر وتحليل مفهوم المجتمع

(دراسة نظرية)


عابد زكري

مراد حكيم محمد

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين - أربيل

murad.mzori@su.edu.krd

شهلا ولي جبار

shahlaa.jabbar@su.edu.krd

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين - أربيل



ملخص

يعتبر ماكس فيبر أحد أهم علماء الاجتماع الكلاسيكيين الذين لعبوا دورا مهما في تطوير علم الاجتماع المعاصر والفكر الأخلاقي والسياسي. على الرغم من أن فيبر، مثل ماركس، ينتقد النظام الرأسمالي الحديث، إلا أنه يفضل التغيير التدريجي للمجتمع على التغيير الجذري والثوري. كما يعتبر توزيع السلطة في المجتمع أساس الصراع الاجتماعي. يعتقد ماكس فيبر أن كل مجتمع يمر بثلاث مراحل متتالية و هذه المراحل هي: الكاريزمية والتقليدية والعقلانية. يعتقد ويبر أن تاريخ جميع المجتمعات يجب أن يمر بالضرورة عبر مراحل معينة من أجل اظهار جوهر و روح الفريدة لكل مجتمع كهوية تاريخية. يرى فيبر أن الدين هو أمل لحل المشاكل واستجابة ذات مغزى لعالم بلا معنى. اما فيما يتعلق بالسلطة، يعتقد فيبر أن لمبدأ القوة جذورا عميقة أخرى غير القضايا الاقتصادية الموجودة في السلطة (الكاريزمية والتقليدية والعقلانية). فيما يتعلق بالطبقات الاجتماعية يعتقد فيبر أن الصراعات الطبقية تحدث بين أجيال من نفس الطبقة وذلك من اجل السلطة.



مفاتيح الدراسة: المجتمع ، العمل الاجتماعي ، الدين، الطبقة الاجتماعية ، السلطة.